# کاریگەری جیاوازی بیروباوەڕ لەسەر ناشتنی مردوو لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی دا (٢٤٧ پ. ز. -٢٢٦ ز.)

# تأثير المعتقدات المختلفة على الدفن في الفترة الدولة الفرثية (٢٤٧ ق. م. - ٢٢٦م.)

# The influence of different beliefs on burial during the Parthian state 247 B. C -226 C.

**کوردستان ڕەحمان علی[١]، کۆزاد محمد احمد[٢]**

[١،٢] بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: kurdistan.ali@univsul.edu.iq

## پوختە

سەردەمی ئەشکانییەکان بەسەردەمێکی فرە ئایینی دادەنرێت، زۆرێک لە ئایینەکان کاریگەرییان هەبووە بەسەر دانیشتوانی ناوچە جیاوازیەکانی ژێر دەسەڵاتیان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر کاریگەریی ئایینەکان لەسەر شێوازی ناشتن وە گرنگترینی ئەو جۆرە جیاوازانەی مردوو ناشتن لە قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکاندا، لە پێشەکی توێژینەوەکەدا بە گشتی باس لە دەسەڵات و شوێنی جوگرافی و فراوانبوونی ئەشکانییەکان کراوە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکەش بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا هەوڵ دراوە لایەنی ئایینی و جیاوازی بیرو باوەڕی ئەشکانییەکان لە ڕێگەی شێوازی ناشتنی مردووەکانیان و بەڵگەکانی تری ئەو سەردەمە ڕوون بکرێتەوە، لە باسی دووەمدا شێوازی ناشتن لەو سەردەمەدا ڕوونکراوەتەوە لەگەڵ جۆرە جیاوازییەکانی شێوازی ناشت بە بەکارهێنانی چاڵی سادە و کووپە و دن و تابووتی شێوە جیاواز لە ناوچە جیاوازییەکانی ژێر دەسەڵاتیان، بەکار هێنانی جۆرە جیاوازەکانی تابووت یەکێک بووە لە نەریتە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، کە زیاتر بۆ چینی دەسەڵات و خانەدانانی ناوچەکان بووە، بەڵام ڕێگای بەکار هێنانی چاڵ و کووپە زیاتر بۆ کەسانی ئاسایی بووە، وە سەرجەم شێوازەکان بە وێنە ڕوونکراونەتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی، بیرو باوەڕی ئایینی، گۆڕ، شێوازی ناشتن، تابووت.

## ملخص

يمكننا اعتبار فترة حكم الفرثيين بانه عصر متعدد الاديان , الكثير من الاديان كانت لهم تاثيرات خاصة على سكان المناطق التي كانت ترزخ تحت سيطرتهم، في هذا البحث نحاول ان ان نسلط الضوء على تاثير الاديان على كيفية دفن الموتى ابان عصرحكم الفرثيين. في بداية البحث سنتحدث بصورة عامة عن حكم والمنطقة الجغرافية و عوامل توسع نفوذ الفرثيين، وقد تم تقسيم البحث الى قسمين في القسم الاول، نتحدث عن الجانب الديني و اختلاف المعتقدات الدينية للفرثيين حول اسلوب دفن الموتى وطرح عدد من الشواهد التاريخية لذلك العصر وتوضيحها خلال الدراسة والبحث. وفي القسم الثاني، سنقوم بعرض و توضيح اسلوب دفن الموتى باختلاف طرق الدفن بحسب كل منطقة من مناطق حكم الفرثيين واستخدام الاساليب المختلفة من الحفر و دفن الأكواب و بناء التوابيت. وكيفية صنع التوابيت هي من ابرز سمات ذلك العصر، وهذه التوابيت كانت تستعمل لدف شخصيات من السلطات الحاكمة و عوائلهم . اما طريقة الحفر البسيط و دفن الأكواب فكانت من سمات الدفن للناس البسطاء وكل تلك الاساليب قد تمت عرضها في صور دلالة للتوضيح.

**الكلمات المفتاحية:** الإمبراطورية الفرثية، المعتقدات الدينية، القبور، ممارسات الدفن، التوابيت.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10503 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٢٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | kurdistan.ali@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ کوردستان ڕەحمان علی، پ.ی.د. کۆزاد محمد احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The Parthian period is considered to be a multi-religious era, with many religions influencing the population of different regions under their rule. In this paper we will try to highlight the influence of religions on burial practices and the most important of these different types of burial in the Parthian Empire. The introduction to the study generally discusses the power, geographical location and expansion of the Parthians. The content of the study is divided into two parts. The first chapter attempts to explain the religious aspects and differences of beliefs of the Parthians through the burial methods of their dead and other evidence of that period in the different areas under their jurisdiction. The use of different kinds of coffins was one of the most important traditions of that time, mostly for the ruling class and the dynasties of the regions, while the burial pits and pithoi were mostly used for ordinary people. All the methods are explained with pictures.


**Keywords:** Parthian Empire, Religious beliefs, Tomb, Burial Method, Coffin.

## پێشەکی:

ئەشکانییەکان (٢٤٧پ. ز. – ٢٢٦ز.) کە پارتەکان و فورثییەکانیشیان پێ دەووترێت، هۆزێکی کۆنی ئاریایی بوون بە ناوی هۆزی پارنی سەر بە یەکێتی کۆنفیدراڵی (داها)بوون (گیرشمەن، ڕ. یانگ، ک. و [دیگران]، ١٣٨٥، ص. ٦١). لە هۆزێکی بچووکی دەشتەکی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو هێزێکی جیهانی چوون کە کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنیان کرد (Overtoom, 2016, p.984). بۆ یەکەمجار لە کەنارەکانی ڕووباری ‘ئۆچوس (Tejend Ochus) ’ تا دەریای ‘قەزوین Caspian’ دەرکەوتوون(Debevoise, 1938, p. 2.) . ئەرشاکی یەکەم Arsaces \Ashk \Aršak I ٢٤٧ پ . ز. - ٢١١پ . ز. وەک سەرۆک هۆزی پارنی بە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەشکانییەکان دادەنرێت (Dabrowa, 2007, p.124). ئەویش دوای سەرکەوتنی بەسەر ‘ئەندراگۆراس Andragoras’ فارمانڕەوا سلوکییەکەی پارثیا و هیرکانیا (گورگانی ئێستا) (Bickerman, 1983, p.6). دواتر لە ساڵی ٢٤٧ پ. ز. ئەرشاك لە ناوچەی ‘ئەساک Asaac’ خۆی بە پادشا ڕاگەیاندووە وە تا ئێستا شوێنی ووردی ئەو ناوچەیە لە لایەن توێژەرانەوە دیاری نەکراوە (Meherdad, 2016, p.106). ناوی ئەشکانییەکانیش هەر لە ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکەیانەوە وەرگیراوە (Dabrowa, 2007, p.124). ساڵی ١٧١-١٣٨ پ. ز. دەسەڵاتی یەکێک لە گرنگترین پادشاکانیان بە ناوی میهرداد دەست پێدەکات کە توانی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان فراوان بکات و سەرکەوتوو بوو لە دەست بەسەر داگرتنی میدیا و ووڵاتی بابل (Pourshariati, 2008, p.20). ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانی لە کۆتایی (سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی یەکەمی پ. ز.) دەسەڵاتی بەشێوەیەکی زۆر فراوان بوو، چەندین شانشینی جیاوازی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە گەورەترین ئاستیدا سنووری جوگرافیای ئەشکانی بەم شێوەیە بوو، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە باکتریا (باکووری ئەفغانستانی ئێستا)، تا ڕووباری فورات (عێراق و سوریا) لە ڕۆژئاوا درێژدەبووە (Magub, 2018, p.6). لەباکووریشەوە سنورەکانی دەگەیشتە مێسۆپۆتامیای سەروو، و بە درێژایی کەنارەکانی خوارووی دەریای ‘قەزوین Caspian’ بەسەر بیابانی ‘کاراکوم Karakum’ (بیابانی کاراکومی ئێستای تورکمانستان) بەرەو ڕوووباری ‘ئۆکسۆس Oxus’ (ئاموداریای ئێستا). لەباشووریشەوە دەسەڵاتی بەسەر ڕێگای بازرگانی دەریاییدا گرتبوو بە درێژای کەنداو .(Gregoratti, 2017, p.125)

لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا کوردستان کە بەشی هەرە گەورەی میدیای گەورە و میدیای ئەترۆپاتینی پێ دەووترا، لە ڕووی سیاسییەوە لە چەند یەکەیەکی سیاسی پێکهاتبوو، لە ژێر ناوی جیاوازدا، ئاماژە بە ناوی زۆر لەم یەکانەش کراوە لە ماوەی حکومڕانیی ئەشکانییەکاندا، میدیا یەکێک بوو لە هەرێمە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، لە سەردەمی ئەسکەندەر و سلووکی دا هەر هەبووە و میدیا هەر بەکاردەهات، بەشی

باکووری وولاتی میدیا کە ئێستا ئازەربایجانە پێی دەووترا 'مادی ئەترۆپاتین' بە ناوی ئەو فەرمانڕاوەیەوە کە لە سەردەمی هاخامەنشیدا ساتراپی هەرێمەکە بووە (أحمد، ٢٠٢١، ل.٢٩). ناوچەکانی ڕۆژئاواش هەرێمێکی تری گرنگی ئەشکانی بوو کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی بچووک و گەورە، پێی دەووترا 'ئەدیابینە' (= حەدیاب، حەززە لە سەرچاوە عەرەبی و سریانییەکاندا) (أحمد، ٢٠٢١، ل.٣٠ ). کۆماگینە یەکێکی تر بووە لە شانشینە گرنگەکانی کوردستانی کۆنی ئەو سەردەمە، شانشینەکە بە وولاتی کۆماگینە ناونراوە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە فورات و لە ڕۆژئاواوە زنجیرە چیای تۆرۆس و لە باشوورەوە دەشتەکانی باکووری سوریای ئێستا سنووری بوون (أحمد، بلاونەکراوە أ، ل.١٩). وە ناوچەی گەرمیانش کە بە زمانی پەهلەویی ئەشکانی پێی ووتراوە "گەرمیکان Garmikān" وە بە ئارامیش "بێث گەرمای bēth Gar-mai" پێی ووتراوە (أحمد، بلاونەکراوە ب، ل.٤). پەتلیمۆس Ptolemy ناوی گەرمیانی بە "گەرەمایۆی Garamaioi" هێناوە، شانشینێک بووە پایەتەختەکەی "کەرخا د بێث سلۆک Karkha de bēth Slōk" بوو کە دەکاتە کەرکووک (أحمد، بلاونەکراوە أ، ل.١٩). بە گشتی ئەشکانییەکان مێژووەکەیان بەشێوەیەکی تەواو ڕوون نییە، بەشێك لە مێژووەکەیان بە نادیاری ماوەتەوە، کە لە هیچ سەردەمێکی ئێران مێژووی وا ناتەواو نابینرێت، ژمارەیەکی کەم لە تێکستە مێژوییەکان و تۆمارە هاوچەرخەکان ماونەتەوە، لەوانەش سەرچاوە کلاسیکیەکان (= یۆنان و ڕۆمان) و سەرچاوە سریانییەکان، لەگەڵ ئەو هەڵکۆڵینانەی لە قەڵاو شارە ئەشکانییەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەنجامدراون (Wid-engren, 2008, p.1261-1262). نووسراوە کورت و دووبارەکانی سەر سکەکانی پادشایانی ئەشکانی، سەرچاوەی بنەڕەتی و سەرەتایین بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەك کەتایبەت بێت بەم سەردەمە، سکەکان فراوانترین بەڵگەن هەم لە ڕووی جوگرافیاوە هەم لە ڕووی کرۆنۆلۆجیاشەوە (Magub, 2018, p.42)). کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان لەسەردەمی ئەردەوانی چوارەمدا بوو، کاتێک لە ساڵی ٢٢٤ ز. ئەردەشێری کوڕی پاپەک توانی شکست بە ئەردەوان بهێنێت، وە لە ساڵی ٢٢٦ ز. تەیسەفونی پایەتەختی ئەشکانییەکانی لە میسۆپۆتامیا گرت و خۆی بە ' پادشای پادشاکان' ڕاگەیاند. (Daryaee, 2009, p.2) . بەم شێوەیەش حوکمڕانیی ئەشکانییەکان لە ساڵی ٢٤٧پ. ز. تا ساڵی ٢٢٦ز. بەردەوام بوو، بۆماوەی زیاتر لە چوار سەدە و نیو حوکمڕانیان بەسەر ئێران و مێسۆپۆتامیادا و زۆر ناوچەی تردا کردووە .(Pourshariati, 2008, p.20)

## باسی یەکەم: بیروباوەڕی ئایینی لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا

دوای داگیرکارییەکانی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٣١پ . ز.، وە تێکەڵاو بوونی کولتووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوا لە لایەنی هونەری و تەلارسازییەوە بێگومان لایەنی ئایینیش بەدەر نەبووە لەو تێکەڵاو بوونە، هەرچەندە کاریگەریی ئایینی هیلینیستی لە ناوخۆی ئێران کەمتر دیاربوو، بەڵام بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئایینی ئێرانی(Colpe, 2008, p.819) . ئەشکانییەکان دووبارە هانی لە دایکبوونەوەی هۆشیاری ئایینی ئێرانی بە زاری نەتەوەیی، زمانەوانی و کەلتوری و بارودۆخی نیشتیمانی داوە. ئەمەش بە تەنیا گەڕانەوەی نەریتە کۆنەکانی ئایینی زەردەشتی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی ئایینە ڕەسەنەکانی لەگەڵ ئایینە نامۆکان بردە قۆناغێکی نوێوە (Colpe, 2008, p.820). دەتوانین بڵێین ئایینی ئێرانی لەم ماوەیەدا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بووە. ڕەنگە لەسەرەتادا ئایینی زەردەشتی ملکەچی دەسەڵاتی یۆنان- مەکەدۆنی بووبێت، بۆ نمونە لە سوسا کە پایتەختێکی کۆنی هاخامەنشییەکانە ئاهورامزدا ئاینێکی خۆجێی نەبووە، وە سکەکانی سلوکی و ئەشکانی لەوکاتەدا نوێنەرایەتی هیچ خواوەندێکی ئایینی ئێرانیان نەکردووە. هێلینزم تەنیا ئیمتیازی بە ئایینی ناوخۆی داوە ئەویش ئایینی عیلامی بوو نەک ئایینی ئاریایی ئێرانی(Duchesne-Guillemin, 2008, p.866) . قۆناغێکی تر لە مێژووی ئێراندا لەو سەردەمە خوایەکانی ئێران و خوایەکانی یۆنانی بەیەک چواندووە، لە ژێر ناوی جیاوازدا پەرستوویانن وەکو خوایەکی تاك (زێووس بە ئاهورامەزدا، ئەپۆڵۆ بە میثرا، ئەثینا بە ئاناهیتا). وە خواوەندەکانی بابلیان بە خواوەندەکانی ئێران هاوسەنگ کردووە (بێل بە ئاهورامەزدا، شەمەش بە میثرا، ئیشتار بە ئاناهیتا) (کریستینسین، ٢٠٠٦، ل.٤٦). لە قۆناغی سێیەمدا ئەشکانییەکان دانیان بە ئایینی زەردەشتی دا ناوە. بە گوێرەی زانیاریەکانی (دێنکەرد DĒNKARD) ڤەلاخش یاداشتێکی بۆ هەموو فەرمانڕەوای هەرێمەکان ناردووە، بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پاراستنی هەرچییەک لە پاکی ئاڤێستا و زەندا

کە مابێتەوە جا ڕاستەقینە بێت یان فێرکارێکی لێوە سەرچاوە گرتبێت بە نووسراو بێت یان بە شێوەی زارەکی. بەڵام دڵنیا نین کە لەسەردەمی کام ڤەلاخشە بووە، ڤەلاخشی یەکەم کە زمانی ئارامی لەسەر سکەکانی بەکارهێناوە، یان ڤەلاخشی چوارەم کە لە پشتی سکەکان وێنەی ئاتاشگەی ئاگرینی کردووە Duchesne-Guillemin, ٢٠٠٨, p.٨٦٧)). بەپێی بەڵگەنامەکانی ئایسا کە لەسەر پارچە سواڵەتەکان نووسراون و دۆزراونەتەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەشکانییەکان ساڵنامەی زەردەشتیان شان بەشانی ساڵنامەی سلوکی بەکارهێناوە. بە پێی بەڵگەنامەکانی هەورامانیش کە سێ بەڵگەنامەن دووانیان بە یۆنانی و یەکێکیان بە پەهلەویی ئەشکانی نووسراون بریتین لە قەواڵەی کڕین و فرۆشتن، بۆما دەردەکەوێت ئەشکانییەکان داب و نەریتی زەردەشتیان لە هاوسەرگیری خزمایەتی نزیک جێ بەجێ کردوە (Boyce, 2016, Iranica). لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو چوونیان بۆ ناو خاکی پارثی هیچ شتێک دەربارەی ئاینی ئەشکانییەکان نەزانراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ماوە درێژەی دەسەڵاتیان، بەڵگەکانیان سەبارەت بە ئایینەکەیان کەم ماونەتەوە. لایەنی ئایینی ئەشکانییەکان هەروەك لایەنی مێژوویی و هونەری زانیاری زۆری لەسەر نییە ئەوەشی کە هەیە لە ڕێگەی سکەکان و شێوازی ناشتنی مردووەکانیان بووە .(Boyce, 2016) ئەشکانییەکان مەزهەبێکی دەسنیشانکراویان نەبوو، لە سەرەتادا خۆر و مانگ و ئەستێرەیان دەپەرست، لەگەڵ خەڵکانی تری زەردەشتی تێکەڵ بوون و ستایشی ئاهورامەزدایان کردووە، بە تێکەڵ بوونیان لەگەل یۆنانییەکان و سلوکییەکان هەموو جۆرە خوایەکانیان پەرستووە (تاج بەخش، ٢٠١١، ل.٢٩٢Mohammadi far, Sarraf, 2006, p.53; ) لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا هەریەك لە ‘میثرا’ و ‘ئاناهیتا’ دەپەرستران، کەدوو پەرستراوی کۆنی سەردەمی هاخامەنشی بوون (سەرفرازی، فەیروزمەندی، ٢٠١٣، ل.٤٣٠) .جولەکەکان لەسەردەمی ئاشوری نوێدا کاتێک دەوڵەتەکەیان ڕووخێنرا ژمارەیەکی زۆریان ڕاگوێستران بۆ کوردستان و لەو ڕێگایەوە ئایینی جولەکە لە ناو ئێراندا دەرکەوت (غەفوری، ٢٠١٤، ل.٣٣). لە ڕۆژئاوا لە دوای جولەکە ئایینی مەسیحیەت پەرەی سەند و کەسانی زۆر باوەڕیان پێی هێنا، وە لە ڕۆژهەڵاتیش ئەشکانییەکان ڕووبەڕووی ئایینی بوودایی بوونەوە (محمدی فر، ١٣٩٧، ل. ٤٨). بەم شێوەیە بیرو باوەڕی ئاینییان جۆراو جۆربوو، ئازادیی ئایینی بە شێوەیەکی گشتی لە ئارادابوو (تاج بەخش، ٢٠١١، ل.٢٩٢). کۆمەڵێك ئاینی نائێرانیش کاریگەریان لەسەرنەریتی ئێرانی هەیە لەوانە ئایینی (هیندی و یۆنانی و ئایینەکانی میسۆپۆتامیا) ((Canepa, 2020, p.311. یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی ئەشکانییەکان نەبوونی دەمارگیریی ئایینی بوو، هەڵگرانی بیرو باوەڕی جۆراوجۆر، بەبێ ئەوەی لە ژێرگوشاردابن، لە ئەنجامدانی داب و نەریتی خۆیان ئازاد بوون، وەك لەسەر سکەی ئەشکانییەکان وێنەی خواوەندەکانی یۆنانی دەبینین، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ڕێزیان لە خواوەندە یۆنانییەکان گرتووە (تاج بەخش، ٢٠١١، ل. ٢٩٣). یەکێک لەو هۆکارانەی تریش کە وایکردووە توێژەران بڕوایان بە بوونی ئازادیی ئایینی لەو سەردەمە هەبێت، بوونی شێوازی جۆراو جۆری ناشتنە.

## باسی دووەم: شێوازی ناشتنی مردوو لە لای ئەشکانییەکان

لەگەڵ هاتنی یۆنانییەکان بۆ ئێران و دوای کاریگەریی یۆنانی (هیلینستی)، گۆڕانکاری لە شێوازی ناشتن و دانانی کەلوپەلی مردوو لە گۆڕەکاندا ڕوویداوە (کامبخش فرد، ١٣٧٧، ص. ٤٣). بە تایبەتی بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێران گۆڕانکاریەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بەخۆیەوە بینی، لەم کاتەدا چەندین جۆری نوێی ناشتن سەریهەڵدا (Farjamirad, 2014, p.129). ئەشکانییەکان شێوازی جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ مردوو ناشتن، ناشتنەکانیان بە شێوەیەکی تاکە کەسی یاخود خێزانی بووە، مردووەکانیان لە تابووت و بە بێ تابووت ناشتووە، یاخود لە گۆڕی بەردیندا، بەشێوەی پاڵکەوتن یان بەشێوەی دانیشتوو دانراون. هەروەها کۆمەڵێك کەلوپەلیان وەك دیاری لە ناو گۆڕەکاندا دەنا (سەرفرازی، فەیروزمەندی، ٢٠١٣، ل.٤٣٢). هەروەها کووپەیان بۆ ناشتن بەکارهێناوە و دەمی کووپەکەیان دادەخست و ڕووەو خۆر دایان دەنا (تاج بەخش، ٢٠١١، ل.٢٩١). بەهۆی فراوان بوونی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان و ئەو جیاوازییە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵ دراوسێیەکانیان و نەریتە ڕەسەنەکانیان کە هەیان بووە، یاخود بەهۆی جیاوازی بیرو باوەڕی ئایینی لە ناو ئیمپراتۆرەکەیاندا، وای کردووە شێوازی ناشتی مردوەکانیان جیاواز بێت (مازیار، ١٣٩٨، ل.٢٠٥). شێوازیی ناشتن لە نەریتی زەردەشتیدا بە شێوەیەک بوو ئەبوایە ڕێگری

بکات لە بەرکەوتنی توخمە پیسەکانی مردوو لەگەڵ زەوی و ئاو و ئاگر، لە ئاییی زەردەشتیدا مردوو نابێت بسوتێنرێت و فڕێ بدرێتە ناو ئاوەوە، چونکە بەرکەوتن لەگەڵ ئاو و ئاگر و زەوی کە بە توخمێکی پیرۆز دادەنرێت دەبێتە هۆی پیسبوونیان(چاپچی امیر، ١٣٨٤، ص.٢٤). لە یەکێک لە دەقەکانی ئاڤێستادا هاتووە کە ئاهورامەزدا فەرمان دەکات تەرمی مردووەکان لە سەر لوتکەی چیاکان دابنرێن تا لە لایەن سەگ و باڵندەکانەوە بخورێن. بە جۆرێک کە هەمان داب و نەریت لە لایەن هێرۆدۆتسەوە باسکراوە، وە لە لایەن جوستینوسەوە باسی ئەم دابوو نەریتە کراوە کە ئەشکانییەکانیش پەیڕەویان کردووە. پاشان ئێسکەکان کۆدەکرانەوە و دەکرانە نا ئەستۆدانە " Astōdān"وە (Olbrycht, 2017, p.305).

لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکان و پاشماوەی گۆڕە ئەشکانییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت وەك لایەنەکانی تر شێوازی ناشتن لە نێوان هەرێمەکاندا جیاوازی هەیە، چەند جۆرێك لە ناشتنیان پەیڕەو کردووە. شێوازەکانیان سەرچاوەیەکی گرنگن، وە یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینەوەی دابونەریت و کولتوورەکەیان. لە ڕۆژئاوا زیاتر نەریتی هیلینیستی پەیڕەوکراوە. بەپێی دۆزینەوەکان چینی دەسەڵاتدار و خانەدانەکان لە ژووری گۆڕەکاندا لەناو تابووتدا بەخاك سپێردراون، بە بەراورد بە کەسانی ئاسایی کە لەناو کووپە و چاڵ بەخاك دەسپێردران.

## یەکەم: شێوازی ناشتن لە چاڵدا


شێوازی ناشتن لە چاڵدا (وێنەی ژمارە. 1) یەکێکە لەو ڕێگایانەی ئەشکانییەکان پەیڕەویانکردوە بۆ ناشتنی مردووەکانیان، بەتایبەت بۆ کەسانی ئاسایی. لە زۆربەی ناوچەکان شوێنەواری ئەم جۆرە ناشتنانە دەدۆزرێنەوە. لە ناوچەی (خانەقای گیلڤان Khaneghah Gilvan) لە هەرێمی ئەردەبیل لە ئەنجامی دروستکردنی ڕێگایەکی گشتی پاشماوەی گۆڕستانێك دۆزراوەتەوە کە گۆڕستانی سەردەمی برۆنز تا سەردەمی ئەشکانییەکان لەخۆ دەگرێت. چوار گۆڕیان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە (Rezaloo, 2012, p.103). بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ناشتن لەو ناوچەیە بە شێوەی چاڵ بووە، چاڵەکان سادە بوون یان بە بەرد هێڵکاریان بۆ کرابوو، لەدوای هەڵکەندنی چاڵەکان مردووەکانیان ناشتووە. ئەندازەی چاڵەکان بەپێی لاشەی کەسەکە هەڵکەندراوە. مردووەکانیان بە ئاراستەی باشوور-باکوور بووە، سەریان یاخود پێیان بە ڕێکەوت لەلای باشوور و باکوور بووە، لە چاڵەکاندا ناشتنەکانیان بەشێوەیەکی تاك بووە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەیی ئەشکانییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریان هێناوە لەگەڵ دانانی دیاری بۆ مردووەکان (Rezaloo, 2012, p.104;105;106). هەروەها بە پێی سنوری جوگرافیایی کۆن نوزی کە ناوچەیەکی گرنگی کوردستانی باشور بووە، لە ساڵی ١٩٢٧-١٩٣٠ لە گردی یۆرغان تەپە پاشماوەی گۆڕستانێکی گەورە دۆزرایەوە کە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە زۆربەی گۆڕەکان بە شێوەی چاڵ بوون، ئەم جۆرە گۆڕانە هیچ پێکهاتەیەکی تەلارسازیان تێدا نییە. شێوازی دانانی لاشەیان بە زۆری لە سەر پشت بووە لە دۆخی پاڵکەوتن دابوون، لە هەندێک کاتیش دا لەسەر لای ڕاستی خۆیان دانراون، لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن دا لاشەکە بە لای چەپدا بووە. وە دانانی قۆڵیان جیاواز بوو، ئەگەر لاشەکە لەسەر پشت بوایە زۆرجار قۆڵی ڕاست بەسەر لاشەکەدا دەچەمێنرایەوە، قۆڵی چەپ بە درێژکراوی لای لاشە دادەنرا. ئەگەر لاشەکە لەسەر لا بووایە دەستی زیاتر بە چەمێنراوەیی لەسەر لاشەی دادەنرا. وە هەندێک کاتیش هەردوو قۆڵەکە بەسەر لاشەکەدا دەچەمێنرانەوە، بە دەگمەن هەردوو قۆڵەکە لە تەنیشتیەوە درێژدەکران. زۆربەی پارچە دۆزراوەکانی ناو گۆڕە سادەکان پێکهاتبوون لە (کەلووپەلی شووشە، بەرد، ئاسن، مس، بابەتی جوانکاری گوارە، ملوانکە، ... هتد) .(Ehrich, 1939, p.546)



وێنەی ژمارە. ١ شێوازی ناشتن لە چاڵدا (Rezaloo, 2012, p.104)

## دووەم: شێوازی بەخاك سپاردن لە کووپە و دن (Pithoi)

بەکارهێنانی کووپە و دنی گڵێنەیی (وێنەی ژمارە. 2) لە هەردوو شارستانییەتی یۆنان و ئێران بۆ ناشتنی مردوو بەکارهاتوون. کووپەکان لە شێوە و پێوانەدا جیاوازن، کووپەی گەورەی ڕازێنراوە بۆ ناشتنی کەسی گەورە بەکارهاتوون، ئەم جۆرەیان تەنها لە باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێران دۆزراونەتەوە (Farjamirad, 2014, p.133 ؛ محمدی فر، ١٣٩٧، ص.٥١-٥٢). شێوەیەکی تری کووپەکان شێوە درێژکۆڵەیی بوون، لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران و بە تایبەت لە سوسە باو بوون کە دەمێکی بچوك و بنکەیەکی بازنەییان هەبووە، ئەم شێوەیە زیاتر بۆ بەخاك سپاردنی منداڵ بەکاردەهات. ناشتنی جۆری کووپە لەگەڵ شێوازەکانی تری ناشتن لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەشکانی لە (کەنگاوەر، سەنگی شیر، ڤەلیران، سووسە، ...) دۆزراونەتەوە (Farjamirad, 2014, p.133).



وێنەی ژمارە. ٢ شێوازی ناشتن لە کووپە و پیثۆی دا (Farjamirad, 2014, P.133).؛ کامبخش فرد، ١٣٧٧، ص.١٠

## سێیەم: بەکارهێنانی تابوت

لەناوەڕاستی سەدەی دووەمی پ. ز. ناشتنی مردوو لە تابوتدا بۆ ڕۆژئاوای ئێران بڵاوبۆوە (Farjamirad, 2014, p.132). تابوتی هێلکەیی لە کەنگاوەر و تاقی بوستان لە پارێزگای کرماشان، وە لە گۆرستانی سەنگی شێر لە هەمەدان دۆزراونەتەوە. تابوتەکان هەمان تایبەتمەندیی تابوتی سلوکییان هەیە، کە پێشووتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بڵاوبوونەوە (Farjamirad, 2014, p.132؛ محمدی فر، ١٣٩٧، ل.٤٩-٥١). تابووتە قورینەکان پێش سەردەمی ئەشکانی لە مێسۆپۆتامیا و باشووری ئەنادۆڵ و سووریا لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. تا سەدەی ٣ ز. بەکار هاتوون. لە سەردەمی هاخامەنشی و سلوکی تابووتی شێوە 'مرۆڤ Anthropoid coffin' لە بابل و باشووری ڕۆژئاوای ئێران بەکارهاتوون. تابوتی شێوە 'بانیۆ Bathtub Coffin' لە مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی کەنداو و فەڵەستین بەکارهاتوون، وە لە کۆتایی ئاشوورییەکانەوە تا سەردەمی هاخامەنشییەکان بڵاوبونەتەوە (Olbrycht, 2017, p.304). شاری هەمەدان کە یەکێک بووە لە شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە لە چەند شوێنێکی جیاوازی هەمەدان گۆڕستانی سەردەمی ئەشکانی دۆزراونەتەوە جۆری جیاوازی ناشتنیان تێدا بەدی دەکرێت (Mohamadifar, et al., 2019, p.1). ئەو ناشتنانەی کە تابووتیان تێدا بەکارهاتووە ژمارەیان ٣٥ گۆڕە و چەند تابووتی شێوە جیاواز لەخۆ دەگرن. بەشێک لە تابووتەکان لەسەر شێوەی لاشەی مرۆڤ، بەشێکیان بە شێوەی لاکێشەیی و بەشێک لەم تابووتە لاکێشەییانە بەپێی ناوچەکان جیاوازن، لاکورتەکانیان شێوە کەوانەییە. بەگشتی ٢٨ تابووت لە گڵێنە و ٥ تابووت لە بەرد دروستکراون، بەشێک لە تابووتە گڵێنەییەکان لێواری سەرەوەیان بە ڕازانەوەیەکی شەپۆلدار لە شێوەی کاریگەریی پەنجەی دەست دروستکراو ڕازێنراونەتەوە. تابووتەکانی تر بە شێوەیەکی سادە و بەبێ ڕازاندنەوە دروستکراون (Mohamadifar, et al., 2019, p.10-11).

### ١.تابووتی شێوە مرۆڤ Anthropoid sarcophagus :


ئەم شێوازە تابووتانە (وێنەی ژمارە. 3) درەنگ لە ڕۆژئاوای ئێران دەرکەوتن. ئەم جۆرە لە سەردەمی هاخامەنشیشدا بەکارهاتووە، بە هۆی بوونی ئێسك لە دەوروبەری گۆڕەکانی سوسە، گومان دەکرێت لەسەردەمی سلوکی و ئەشکانیش دووبارە بەکار هێنرابنەوە. ئەم شێوەیەش لە هەمەدان لە گڵ یان لەبەرد دروستکراون. دەرکەوتنی ئەو جۆرە تابووتانە لە سوسە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێنەوە بۆ سەر شێوازیی میسری، بەڵام دەستکاری کراون بە گونجاندن لەگەڵ کەرەستە ناوخۆییەکان (Farjamirad, 2014, p.132; Mohamadifar, et al., P.6-8).



**وێنەی ژمارە. ٣ تابووتی شێوە مرۆڤ (Farjamirad: 2014, p.131)**

### ٢.تابووتی شێوە پێڵاو slipper coffin:

تابووتی شێوە پێڵاو slipper coffin (وێنەی ژمارە. 4) لە بابلی سەردەمی ئەشکانیدا بەکارهاتووە، لە وەرکا و ناوەڕاست و باشووری مێسۆپۆتامیا لە ناوچەکانی تل عمران، کۆشکی باشوور لە بابل، مەشکان-شاپیرا، تەل ئەلمەدائین، نیپور، سلوکییە دۆزراوەنەتەوە (Middle-ton, et al., 2008, p.30). بۆ یەکەمجار لەساڵی 1850 لە وەرکا لە باشوری عێراق، لەلایەن شوێنەوارناسی بەریتانی 'William Ken-neth Loftus'ەوە دۆزراوەتەوە، بە تابووتی شێوە پیڵاو "coffin slipper" ناساندی (Curtis, 1979, p.309). بەکارهێنانی تابووت بە یەکێك لە نەریتەکانی بەخاك سپاردنی ئەشکانییەکان دادەنرێت. کە لە گڵێنە دروستدەکران وە ڕووشووشە دەکران بە ڕەنگی شین- سەوزباو، درێژیەکەیان نزیکەی ١،٥ ٢،٢١-م دەبوون، مردووەکانیان بەڕێکی تیایاندا دادەنا ((Middleton, et al., 2008, p.34; Curtis, 1979, p.309-310. لای سەرەوەیان بەرین و هێلکەیی بوون لە ئاستی سەریان کرانەوەیەک هەبوو سەرقاپێکیان دەخستە سەری، لای خوارەوەیان تەسکتر بوون کونێکی تێدا هێشترابۆوە هەتا هەڵمی و بۆنی ناخۆشی لاشەکەی پێدا دەربچێت، زۆربەی ئەم تابووتانە سەرقاپەکانیان و بەشی سەرەوەیان دەکرا بە چەند چوارگۆشەو هەر بەشێکیشیان بە پەیکەری سەربازی ئەشکانی یان وێنەی مێینەی ڕووت ڕازێنرابوونەوە (کالیج، ٢٠١٠، ل. ١٤٦). لە وەرکا، باوترین مۆتیف وێنەی جەنگاوەر بووە (Middleton, et al., 2008, p.34). تابووتە دۆزراوەکان لە ڕووی نەخش و ئەو مادانەی تێدا بەکارهاتوون جیاوازن.



**وێنەی ژمارە. ٤ تابووتی شێوە پێڵاو (Curtis, 1979, p.310)**

## ٣.تابووتی شێوە لاکێشەیی:

### تابووتی بەردین:

لە شاری قودس(ئورشەلیم) گۆڕستانێکی شاهانەیی دۆزرایەوە (وێنەی ژمارە. 5) کە بە "گۆڕی فەرمانڕەواکان" ناسراوە (Ilan,Tal, "Helene, Queen of Adiabene"). چەند تابوتێکی بەردین دۆزراونەتەوە، یەکێکیان بە تابووتی شاژنە هێلینای شاژنی شانشینی ئەدیابینە دادەنرێت، نەخشی ئەندازەیی بۆ ڕازاندنەوەی بەکارهێنراوە، وە بە خەتی سریانی نووسراوی لە سەرە (غەفوری، ٢٠١٤، ل.36-34).



**وێنەی ژمارە. ٥ تابووتی بەردینەیی شاژنە هێلینا (غەفوری، ٢٠١٤، ل.36)**

### تابووتی گڵێنەیی:

لە کوردستانی باشووریش لە قەسری شەمامۆك (کیلیزو)، پاشماوەی چەند گۆڕێك دۆزراونەتەوە لەگەڵ دوو تابوتی گڵێنەیی بە گیراوەی شوشەی سەوزو شین ڕووشووشە کراون، ئەمانەش شێوەیەکی لاکێشەیان هەیە لا کورتەکانی بازنەیی بوونەتەوە. تابوتەکان لە لایەکانییانەوە بە وێنەی مێینەیەکی ڕووت لە ناو لاسکێکی چەماوەیی مێودا ڕازێنراونەتەوە (وێنەی ژ.٦، أ) (Marciak, 2017, p.292-293; Furlani, 1934, p. 90-91). لە ناوچەی گەرمیانیش لە ناحیەی سەرقەڵا تابوتێکی شێوە لاکێشەیی ڕوو شووشەکراو بە ڕەنگی سەوزباو دۆزراوەتەوە کە بە نەخشی ئەندازەیی هێڵی لوول پێچ و تاج و ستوون ڕازێنراوەتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە (وێنەی ژ. ٦، ب) ، بە گۆڕی یەکێک لە خانەدانەکانی ئەشکانی دادەنرێت کە بە شێوەیەکی خێزانی لە ژووری گۆڕدا نێژراون (علی، محمد، ئەوانی تر، ٢٠١٣، دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان).



**وێنەی ژمارە. ٦، أ تابووتی لاکێشەیی گڵێنەیی قەسری شەمامۆک (Marciak, 2017, p.537).**



**وێنەی ژمارە. ٦، ب تابووتی لاکێشەیی گڵێنەیی سەرقەڵا (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣)**

## ٤.تابووتی شێوە هێلکەیی:

ئەم جۆرە تابووتە (وێنەی ژمارە. 7) لە کوردستانی باشوور لە ناحیەی سەرقەڵا و گوندی بەرلووت لە گەرمیان دۆزراونەتەوە کە بە پێی پاشماوەکان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە و بە گۆڕی خانەدانی ئەشکانی دادەنرێن لە ناوچەی گەرمیان. تابووتەکان شێوەیەکی هێلکەییان هەیە کە بە نەخشی لوول پیچ ڕازێنراونەتەوە لە شێوە و قەبارەدا تابووتەکان جیاوازیان هەیە. ئەم جۆرە ناشتنەش لە زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان دۆزراونەتەوە (علی، محمد، ئەوانی تر، ٢٠١٣، دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان؛ محمد، صالح، ئەوانی تر، ڕاپۆرتی بەشی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣). بە گشتی دانانی لاشەی مردووەکە لەم جۆرە تابووتانەدا لەسەر لا بە شێوەیەکی چەماوە دانراون ئاڕاستەی گۆڕەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازبوون.



**وێنەی ژمارە.٧ تابووتی هێلکەیی لە گوندی بەرلوت (ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٢).**


## چوارەم: شێوازی ناشتن لە گۆڕی ژێر زەوی Subterranean tombs

ئەم جۆرە گۆڕانە لەژێر زەوی لە ژوورێکی لاکێشەیی یان شێوە نارێکدا بوون. ژووری ناشتنەکە لە ناو خاکدایە. دیواری ژوورەکە لە خشت و بەردی لایمیستۆن دروستدەکران، بە بەکارهێنانی گەچ بەیەکەوە دەلکێندران (Farjamirad, 2014, p.132). نموونەی ئەم شێوازی ناشتنە لە گۆڕی چەرام لە پارێزگای کۆگیلو وبوێر ئەحمەد لە باشووری چیای زاگرۆس دۆزراونەتەوە. لەکاتی کنەوپشکنینەکاندا ژوورێکی گۆڕی ئەشکانی دۆزرایەوە کە شێوازی ناشتنەکەیان لە ژوورێکی لە خشت دروستکراوبوو، کۆمەڵێك پاشماوەی شوێنەواری کووپە و دن و ئامرازی کانزایی تێدا دۆزراونەتەوە (Roustaei, Azadi, 2011, p.196-197). نمونەیەکی تری ئەم جۆرە ناشتنە لە ناوچەی ڤەلیران نزیک تاران دۆزراوەتەوە. رووبەری گۆڕەکە نزیکەی ١٢م٢ و سێ سەکۆی لە خۆگرتووە بە مەبەستی دانانی تەرمەکان دروستکراون. ئێسکەپەیکەرەکان لەسەر پشت دانرابوون، لەسەر سەکۆکان ئێسکی ڕەگەزی نێرینەیەک و مێینەیەک هەن ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەریتی ناشتنی هاوشێوە بۆ هەردوو ڕەگەز ( .(Farjamirad, 2014, p.133

هەروەها لە رووی تەلارسازییەوە گۆڕ گردۆلکەی سەرقەڵاش بە هەمان شێوە بووە کە پێکهاتەکەی لە ژوورێکی شێوە لاکێشەیی پێوانەی پانی ژوورەکە ٣م، درێژیەکەی2,40 م، بەرزیەکەی2,10 م. شێوازی میچەکەشی بە شێوەی تاق دروستکراوە. لە دیواری بەشی باکووری ئەم ژوورە تاقچەیەک دروستکراوە بە شێوەیەکی چوارگۆشەیی و بەشی سەرەوەی بە شێوەی نیوە بازنەیی دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ٥٩سم، پانی٥٤سم، قوڵی٤٠سم، بەهەمان شێوەی دیواری باکوور لە دیواری باشووریشدا تاقچەیەکی تر دروستکراوە کە شێوەکەی چوارگۆشەییە بەشی سەرەوەی بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ٦٤سم، پانی ٥٨سم، قوڵی ٤٤سم. لە ئەرزەی گۆڕەکە سەکۆیەک بە هەر چوارلای ژوورەکە دروستکراوە بۆ دانانی ئێسکی مردووەکان بە پێوانەی بەرزی ٣٦سم، پانی ٦٠سم (توێژەر، توێژینەوەیەکی مەیدانی، ٢٠٢٢\٣\١٣).

## پێنجەم: گۆڕ بە تاقی ژێر زەوی Underground vaulted tombs

ئەم شێوازی گۆڕانەش لە ژێر زەوی دروستدەکران (وێنەی ژمارە. 8)، دوو بۆ سێ سەکۆیان تێدایە، بانی ژوورەکەش بە تاقێکی لە خشت دروستکراو دەگیران. وە لە رێگای پلیکانەوە دەتوانرا بە ژوورە سەرەکییەکە بگەیت. مردوەکان لە تابووتی شێوە هێلکەیی یان مرۆڤیدا نێژراون. پاشماوەیی ئێسکەکان ئاماژە بەوە دەکەن مردووەکانیان لەسەر پشت بە درێژکراوی دانراون، نموونەی ئەم جۆرە ناشتنە لە باشووری رۆژئاوا و سوسە دۆزراونەتەوە (Farjamirad, 2014, p.134؛ محمدی فر، ١٣٩٧، ل.٥٣-٥٤).







(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### شەشەم: گۆڕی هەڵکۆڵدراو لە چیا Rock cut chambers

ئەشکانییەکان لە باشووری ئێران شێوازی هەڵکۆڵدراوی چیایان بەکار هێناوە بۆ ناشتنی مردووەکانیان. ئەم جۆرە گۆڕانە پێشووتر لە ئێراندا نەبینراون، پێ دەچێت ئەم شێوازەیان لە پالمێرا (تدمر) ەوە وەرگرتبێت. جگە لەوەش پێوانەی ژوورەکان ئەوە نیشاندەدەن کە گۆڕەکان بۆ ناشتنی تاکە کەسی کراون نەک بۆ ناشتنی دووکەسی (Farjamirad, 2014, p.134.). مەبەست لەم شێوازی گۆڕانە هاوشێوەی گۆڕی ئەشکەوتی قزقاپانە لە کوردستانی باشوور. بەڵام هیچ نموونەیەکی هاوشێوەی سەردەمی ئەشکانی لە کوردستانی باشوور نەدۆزراوەتەوە.

### دەرئەنجام:

### لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک:

١.لە ڕووی ئایینەوە ئەشکانییەکان بەهۆکاری نەبوونی بەڵگەی مێژوویی، زانیاری زۆر لەسەر ئایینەکەیان نییە، کەوا خودی ئەشکانییەکان باوەڕیان بەچی بووە؟ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەکوێ وە هاتوون بۆکوێ ڕۆشتوون یارمەتی دەرمان دەبێت لە ناسینی داب و نەریت و کولتوورەکەیا. سەرباری پەیڕەوکردنی نەریتی زەردەشتی، ئەشکانییەکان لە بنەڕەتدا لەسەر ئایینی میترایی بوون. لەو سەردەمەشدا هەریەک لە ئایینی جولەکەو مەسیحی و بودایی لە ئێراندا دەرکەوتوون.

٢.بەهۆی ئەو فراوانبوونەی ئەشکانییەکانەوە و ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان بیرو باوەڕی ئایینی جیاوازیان هەبووە. سەردەمی ئەشکانییەکان بە سەردەمێکی فرە ئایینی دادەنرێت، کە هەڵگرانی بیر و باوەڕی جیاواز ئازادییەکی تەواویان پێدراوە لەو سەردەمەدا.

٣.دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەشکانی کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە، چونکە ئەو جۆرە شێوازی ناشتنانە نە شێوازێکی تایبەت بەخۆیانە و نە شێوازێکی تەواو یۆنانییە، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە هەردوو کولتوورەکە.

٣.بوونی چەندین شێوازی جیاوازی ناشتن هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی توێژەران هەست بەو ئازادی و ڕێزگرتنی بیر و باوڕە جیاوازیانەی سەردەمی ئەشکانی بکەن.

٤. دۆزینەوەی گۆڕی دەسەڵاتدار یاخود فەرمانڕەوای ناوچەکان لە کوردستانی باشوور لە هەریەک لە ناوچەکانی گەرمیان و هەولێر و کەرکوک ئەوەمان پیدەڵێت کە کوردستان بە هەموو ناوچەکانیەوە گرنگێکی زۆری هەبووە لە لایەن دەوڵەتی ئەشکانییەکانەوە.

٥.یەکێک لە گرنگترین شێوازەکان بەکارهێنانی تابووت بووە ئەمەش زیاتر لە ناو کەسانی خاوەن دەسەڵات و خانەدانەکانەوە بەکاردەهات. ئەو تابووتانەشی کە بەکاریان دەهێنا بەپێی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان جیاوازبوون. دۆزینەوەی تابووت لە ئەکبەتانە، گەرمیان، هەولێر، کەرکوک، نیپوور و بابل بە شێوە و قەبارەی جیاواز دۆزراونەتەوە شایەتی ئەم ڕاستیەن. ئەشکانییەکان تابووتی شێوە هێلکەیی و تابووتی شێوە مرۆڤ، شێوە پێڵاو، لاکێشەییان بەکارهێناوە.

٦. دروستکردنی ژووری گۆڕ بەمەبەستی ناشتنی مردوو لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەکارهاتووە. شێوازی تەلارسازی ژووری گۆڕ زیاتر لاکێشەیی بووە، جگە لە دانانی تابووت تاقچە و سەکۆیان لە ژوورەکە دروستکردوە بە مەبەستی دانانی ئێسکەپەیکەری مردووەکان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گۆڕ هەبووە بۆ بنەماڵە بووە.

٧. گۆڕە ئەشکانییەکان بە یەکێک لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی ئەشکانییەکان دادەنرێن، وە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ساخکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مێژووی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، چونکە لە ناو گۆڕەکاندا چەندین بابەت و کەلوپەلی جیاواز دۆزراونەتەوە ئەمەش یارمەتیمان دەدات لە دەرخستنی دەسەڵات و پلەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی.

٨. بەپێی گۆڕە دۆزراوەکان دەردەکەوێت ئەشکانییەکان گرنگێکی زۆریان بە دانانی کەلوپەل داوە لە ناو گۆڕەکاندا، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەشکانییەکان باوەڕیان بە ژیانی دواى هەبووە. کەلوپەلەکانیش بەپێێ ڕەگەزی مردووەکە لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر وە لە ناوچەیەکەوە

بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بووە. بە گشتی کەلووپەلەکانیان لە گڵێنە بەهەمووجۆرەکانییەوە، سکە، شووشە، کەلووپەلی کانزایی، پێکهاتووە.

٩.ئاراستەی دانانی تابووتەکان یاخود کووپەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەبووە، هەروەها دانانی لاشەی مردووەکە لە ناو گۆڕدا بەپێی ناوچەکان جیاوازی هەبووە. گۆڕەکان زۆرجار بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا یان باشووری ڕۆژهەڵات یان بە پێچەوانەوە دادەنران.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


١.أحمد، کۆزاد محمد ( أ)، کورتە مێژوویەکی کوردستان لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا کۆتایی ساسانییەکان، ئینسایکلۆپیدیای کوردستان. (لەژێرچاپدایە(.

٢. أحمد، کۆزاد محمد (ب)، کەرکووک و گەرمیان لە سەردەمانی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ. ز. -٢٢٤ز.) و ساسانی (٢٢٦ز.-٦٣٧ز.) دا، بڵاونەکراوە.

٣. أحمد، کۆزاد محمد، لە پەراوێزی ژ. ٢ لە: زەکی، محمد ئەمین، (٢٠٢١)، خولاصەیەکی کورد و کوردستان، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمرۆ، پێداچوونەوە و پەراوێزنووسین: د. حوسامەدین نەقشبەندی و ئەوانی تر، ب.١، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین)، تاران.

٤. تاج بەخش، أحمد، (٢٠١١)، مێژوویەکی کورتی شارستانیەت و فەرهەنگی ئێران لەپێش ئیسلامدا، و. وریا قانیع، چ.١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. سەرفراز، عەلی ئەکبر: فەیروزمەندی، بەهمەن، (٢٠١٣)، دێرینە ناسی و هونەر لەسەردەمی مێژوویەکانی دەوڵەتی ماد و هەخامنیشی و ئەشکانی و ساسانی، و. وریا قانیع، چ.١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦. صالح، محمد، ئەوانی تر، (٢٠١٣)، ڕاپۆرتی بەشی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.

٧. غەفوری، ڕێزان قادر، (٢٠١٤)، "شاژن هێلینا ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی ئەربیلا و ئەدیابین"، سوبارتو، ژ. 8.

٨. کالێج، م. (٢٠١٠) ئەشکانییەکان (پارتەکان)، و. سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین.

٩. کریستێنسین، ئارتوور، (٢٠٠٦)، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، و. سەلاحەددین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٠. علی، محمد، ئەوانی تر، (٢٠١٣)، دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.


### سەرچاوەی فارسی:


١١. چایچی امیر خیز، آحمد، (١٣٨٤)، گور خمرا های ایران، چ. ١، سمیرا، تهران.

١٢. کامبخش فرد، سیف الله، (١٣٧٧)، "گور خمرەهای اشکانی"، مجله باستان شناسی و تاریخ ، ژ. ١، مرکز نشر ١٢. دانشگهای ٨٩١، چ. ١، تهران.

١٣. گیرشمەن، ر. یانگ، ک. و [دیگران]. (١٣٨٥)، ایران باستان پیشا تاریخ عیلامیان، هخامنیشیان، سلوکیان، پارثیان، ساسانیان، تر. د. یعقوب اژند، سلسیله تاریخ ایران، تهران.

١٤. مازیار،سپیده، (١٣٩٨)، "آفرین نامه" مقالەهای باستان شناسی در نکوداشت استاد مهدی رهبر، به کوشش: یوسف مرادی، چ.1، تهران.

١٥. محمدی فر، یعقوب، (١٣٩٧)، باستان شناسی و هنر اشکانی. چ.٦، سمت، تهران.


### سەرچاوەی بیانی:


1.Bickerman, E. (1983). The Seleucid Period W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran. Vol-

ume 3 (1). The Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, Cambridge University Press.

2.Canepa, M. P. (2020), The Parthian and Sasanian Empires, in: The Oxford World History of Empire. vol. 2, The History of Empires, ed. C. A. Baily, P. Bang, W. Scheidel, Oxford University Press.

3.Colpe, C. (2008), Development of Religious Thought, W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran, the Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, vol. 3(2), Cambridge University Press, New York.

4.Curtis, J. E. (1979). Loftus' Parthian Cemetery at Warka in Akten des VII. Internationalen Kongresses für Iranische Kunst und Archäologie, München, 7.-10. sept. 1976. Archäologische Mitteilungen aus Iran Berlin.

5.Dąbrowa, E. (2007), The Parthian Kingship, History of the Ancient Near East/ Monographs– XI, ed., Giovanni, B., Lanfranchi, Robert Rollinger.

6.Daryaee, T., (2009), Sasanian Persia, the Rise and Fall of an Empire, Publishing, I.B.Tauris, London, New York.

7.Duchesne-Guillemin, J. (2008), Zoroastrian Religion, W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran, the Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, vol. 3(2)., Cambridge University Press, New York.

8.Debevoise, N. C., (1938), A Political History of Parthia, Chicago.

9.Ehrich, R. W. (1939), Appendix E the Later Cultures At Yorgan Tepe, Nuzi, Report On the Excavations at Yorgan Tepa Near Kirkuk, Iraq, Conducted By Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931, vol. 1, London, Cambridge Massachusetts Harvard University Press.

10.Farjamirad, M. (2014), Burial Customs During the Seleuco-Parthian Period of Iran; Greek or Local Culture ?, Cultural & Material Contacts in the Ancient Near East, ed., E. Foietta, C. Ferrandi, E. Quirico, F. Giusto, M. Mortarini, J. Bruno, L. Somma Apice, Torinto.

11.Furlani, G. (1934). Sarcofaghi partici di kakzu. Iraq, 1(1).

12.Gregoratti, L. (2017), The Arsacid Empire, King of the Seven Climes, A History of the Ancient Iranian World (3000 BCE - 651 CE), vol, IV, ed. Touraj Daryaee, UCI Jordan Center for Persian Studies.

13.Kia, M. (2016). The Persian Empire: A Historical Encyclopedia [2 volumes]: A Historical Encyclopedia. ABC-CLIO.

14Magub, A. (2018). Political and Religious Ideologies on Parthian Coins of the 2nd-1st Centuries BC (Doctoral dissertation, SOAS University of London).

15.Marciak, M., (2017), Sophene, Gordyene, and Adiabene, Three Regna Minora of Northern Mesopotamia between East and West, Leiden.

16.Middleton, A., Simpson, S. J., & SIMPSON, A. (2008). The manufacture and decoration of Parthian glazed (slipper coffins) from Warka. The British Museum Technical Research Bulletin, 2.

17.Mohamadifar, Y., Azandaryani, E. H., Dailar, A., Hasanlou, S., & Babapiri, J. (2019). Parthian Burials in the

Hamedan City, Western Iran. Iran, 59(1).
18.Mohammadifar, Y., Sarraf, M. R. (2006), A Glance At Burial Rites in Pithos of Arsacids Era Located in Western Region of Central Zagros (Marivan), J., Humanities, vol. (13) 3.
19.Olbrycht, M. J. (2017), Slipper Coffins and Funerary Practices in Parthia, Anabasis 8, Rzeszów University, Poland.
20.Overtoom, L. N. (2016), "The Power-Transition Crisis of the 240s BCE and the Creation of the Parthian State," The International History Review, vol. 38.
21.Pourshariati, P., (2008), Decline and Fall of the Sasanian Empire: The Sasanian–Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran, London.
22.Rezaloo, R. (2012), Parthian Burials at Khaneghah Gilvan Cemetery in Ardabil Province, The International Journal of Humanities, 19(1).
23.Roustaei, K., Azadi, A. (2011), Discovery of A Parthian Tomb Chamber in Cheram, Kohgiluye, SW Iran, Iranica Antiqua, vol. XLVI.
24.Widengren,G. (2008), Sources of Parthian and Sasanian History, W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran, The Seleucid, Parthian and Sasanian Periods , vol. 3(2),The Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, Cambridge University Press. New York.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

25.Boyce, M. (2016), Arsacids iv Arsacid Religion, Encyclopaedia Iranica, http://www.iranicaonline.org/articles/arsacids-iv, (Accessed: 26\7\2022, 6:30 PM.).
26.Ilan, T. Helene, Queen of Adiabene, Shalvi/Hyman Encyclopedia of Jewish Women, Helene, Queen of Adiabene | Jewish Women's Archive (jwa.org), (Accessed: 6\11\2022, 10:00 PM.).